# کوردستانی ١٨٩٨؛ بزووتنەوەی زمان و وێژە لە پێناو ڕۆژنامەوانی‌دا

**نووسینی: زانکۆ یاری**

zanko.yari@yahoo.co.uk
22th, April 2020

"سەد قاعیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پووڵێ
ڕۆژنامە و جەریدە کەوتووەتە قیمەت و شان"
(حاجی‌قادر کۆیی، ١٨٩٠)

**ئامانجی ئەم نووسراوە**

ئەم بابەتە بە کورتی تێڕامان و زانیارییەکە لەســـــەر تێگەی ڕاگەیەنەر کە پێوەندیی نێوان رۆژنامەوانی، زمان و وێژە لەخۆ دەگرێت؛ دەمانەوێ لە گرنگیی ئەم مژارە تێ‌بگەین و ئەرکی ڕاگەیەنەرە نوێکان[1] لە کۆمەڵگەی کوردی‌دا لە پێکهێنانی شـــۆناســـی نەتەوەیی بۆمان ڕوونتر ببێتەوە. دیارە توێژینەوە لەســـــەر گوتاری ڕاگەیەنەری کوردی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی چێ‌بوونی شۆناس‌دا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێناسەی کوردی لە یەک کات‌دا هەم گشتگیرە و هەم ناوچەیی، هەم چاندییە و هەم ڕامیاری، هەم تایبەتە و هەم گشـتی. دکارین بڵێین کە ئەژ ناوەڕاسـتی دەیەی ١٩٩٠ بەم لاوە، کوردانی هەموو شـــوێنەکان دەســـتیان کردووە بەوەی کە پتر لە پێش یەکتر و ئەوانی دی بناســـن (شێخولئیسلامی، ٢٠١٤، ٥٩).

**دەسپێک**

دەستەواژەی کوردستان، سەدان ساڵە بۆ ئاماژەدان بە دەڤەرێک کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن، بەکارهێنراوە؛ مرۆڤی کورد هەزاران ساڵە لە پێناو کۆشین و بزاڤی چەندین ساڵەی ڤڵات‌دا یەک دەریا خوێنی ڕشتووە؛ مامۆستا هێمن لە بابەتێکی سەبارەت بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌دا نووسیویەتی:

"*هەر دوژمن گەمارۆی ئێمەی داوە، هەر نەتەوەی تر پەلاماری بۆ ئێمە هێناوە، هەر بێگانە بەگژ ئێمەدا هاتووە، هەر زۆردار ویستوویەتی بمانگرێ، بمانکوژێ، بمانکوتێ، تالانمان بکات، خاو و خێزانمان وەدەشتێ بخات و ماڵ و حاڵمان لێ تێکوپێک بدات و ژیانمان بشێوێنێت. هەمیشە هەر داگیرکەران هێرشیان هێناوەتە سەر نیشتمان و زێدەکەمان و ویستوویانە وڵاتی باب و باپیرانمان لێ داگیر بکەن.*" درووستبوونی سەدان شەڕی خوێناوی و سەرکوتکردن تاکوو لێواری کەوتن، بەفیڕۆدانی سـامانی ناوچەکە. ئەوجا گەر تیشـک بخەینە سـەر ئەمانە و کاتێک کە باسـی وا دەکرێ، دەردەکەوێ کە لە دەرەنجامی ئەوانەدا هیچیەکێک لە ڕەوتە چاندییەکانی دونیا تاکوو ئێســـتا بەباشـــی لە لامان نەهێناوەتە بوون و دیاریی بەرچاویشی ئەوەیە کە سیستەمی ڕاهێنان و پەروەردەی ئێمە لەوپەڕی لاوازی‌دایە. گەرچی

1. Modern media’s.

ئێمە هەنووکە بە هیچ لەونێک خۆمان لە توێکاریی ڕامیاری نەداوە و ســـەرنجمان تەنیا لەســـەر کاری فەرهەنگییە و بەس؛ بەڵام دەبینین دواکەوتوویییەکی فرەلایەن بەسەر کۆمەڵگەکەماندا باڵی کێشاوە و لە سێبەری ئەوەدا زۆر بەشی مافەکانی ژنان، منداڵان و هەموو چین و توێژەکان پێشێل دەکرێ.

هەروا کە دەزانن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، نوێخوازیگەری[2] بە دەوڵەت—نەتەوەکانەوە دەسپێدەکات و سەرکەڤتنی خۆی لە یەکدەستکردنی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە و سیاسەتە کورت یان درێژخایەنەکانیان بە پێی ئەوەوە دادەڕێژن؛ یەکەم هەنگاوی ئەم کارەش بە نکۆڵی و ســـڕینەوەی فرەکولتووری و هێنانی هەموو بۆ ژێر کەوای یەک ڕەگەز، مێژوو و زمانە. هەر بۆیە کۆتاییەکانی ســەدەی نۆزدە و ســەرەتاکانی ســەدەی بیســت، بە ســڕینەوەی هەموو بوونەکان و بە "ئێمە"کردنیان تاکە تایبەتمەندیی زۆربەی دەوڵەت-نەتەوە تازە دامەزراوەکانی دونیایە و وا دەســـــتیپێکردووە و ئاوا بەردەوامە.. هەرچەندە ئێســتا دەرفەتی باسکردن لە ســەرجەم ڕەهەندەکانی ئەم بابەتەمان نییە و ئەم هەویرە ئاوی فرەی دەوێت، بەڵام بە خۆشییەوە لانیکەم لە چاو سەد ساڵی ڕابردوودا ڕەوتێکی جێگەی هیوای تێکۆشانی بەربڵاو وەک وڵامدانەوەیەک بە پێویســـتیی پێکهێنانی گۆڕان لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا ســـەری هەڵداوە؛ لەم ســـۆنگەیەوە بزووتنەوەیەکی پێشکەڤتنخواز، دەبێ شانوەشانی خەباتی کۆمەڵایەتی، شێوازی پاوەجێی خەباتی ژیاری و خزمەت لەنێو کۆمەڵگەدا بەرەوپێش ببا و دەرئەنجامی، دۆزینەوەی کەموکۆڕی و هەڵەکان و ڕاســـتکردنەوەیان بێ. ئەحمەد خانی، بڤەش و وێژەڤانی ناوبانگ لە پەرتووکی "*مەم و زین*" کە لە ســاڵی ١٦٥٩ دا نووســراوە، بۆ نەبوونی ئاگاداری لای خەڵک لە مێژوو، وێژە و زمانیان گلەییەکانی پێشـکەش خوێنەر دەکات و مەبەسـتی ئەوەیە کە ئەرکی ڕووناکبیر و خاوەن پێنووسە کە چالاک و ژیرانە، هاوشانی سیاسەتزانە لێهاتووەکان لەسەر مەبەست بۆ پرسە نەتەوەیەکان کار بکەن و یارمەتیدەری پێناسەیەکی نوێ لە بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند بن.

**بۆچوون**

ئێسـتا لە سـەردەمێکدا دەژین کە چاپەمەنی، ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە گشـتییەکان دەرفەتی گەلێک کەموێنەیان ڕەخســـاندووە تا تێکۆشــەرانی بەســتێنە جۆراوجۆرەکان یان لێژنە و ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان چێژی لێ وەرگرن و دەکرێ لە ڕێگەی ئەوەوە، لە درێژماوەدا گۆڕانکاریی ئەوتۆی جڤاکی پێکبهێنرێت. ڕاگەیەنەرەکان ئاوێنەی باڵانوێنی جیهانی واقیع نین کە بە پێی هوتاڤی بەرئامانجی خۆیان لە پێناوی دەربڕینی ڕاســـــتییەکان و نواندنەوەی بێلایەنانەی ڕووداوەکان دەور بگێڕن، بەڵکوو دەلاقەیەکی خەیاڵاوی هەڵدەخەن کە لەوێدا خولیای مرۆڤەکان شـــێواز لەخۆ دەگرن و لە گێڕانەوەیەکی بەرســـــازدراو و پێکهێنراودا وێنەیەکی تایبەت ئەژ جیهانی واقیع بەرهەم دێنن (ژوبیان، ٢٠٠٩، ٨). پێگە و ئەرک و بەرپرســـایەتیی ڕاگەیەنەرە کۆییەکان بە پێی پێکهاتە ســـیاســـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڤە کاڤاری جیاوازدا ڕۆیشـــــتوون و هەر بەم هۆیەش لێکدانەوەی جیاوازیان لەسەر دەکرێت. لە باری گوێگرەوە، لە باری ڕوانگە و بۆچوونی دەوڵەت و تەنانەت لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانیشـەوە ئەرکی سـەرشـانی ڕاگەیەنەرەکان هەڵگری کۆمەڵێک خەسـڵەتی هاوشـێوە و جیاوازە. لە ڕاسـتیدا

2. Modernisation.

ڕۆژنامەوانی ئەو ئیشـــەیە کە دەیهەوێ باوەڕ و چالاکی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نێوان تاکەکان (واتا ســـەرجەم خەڵکانی شـــەقام و دەســـەڵاتدارەکان) لە بەســـتێنێکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و چاندیدا وێنا بکات. ڕۆژنامەوانی ئەو پێشەیە کە لەگەڵ ئەوەیدا سانایە بەلام گرانێشە. ئەو کەسانەی کە دێنە نێو ئامێزی ئیشی ڕۆژنامەوانییەوە پێویستە هەوڵ بدەن ناســـین و تێگەیشـــتنی ڕاســـتیان لە کۆمەڵگە و ژیوگای خۆیان هەبێ و لەم بەســـتینەدا چالاکی بکەن (موحەممەدحوســـێنی، ٢٠١٤، ١٣٢). هەموو وڵاتێک چەندین هێما و دروشـــمی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر جاریش کەسـایەتییە سـیاسـییەکان، زانایانی مەزن، وەرزشوانان، هونەرمەندەکان یان ئەدەبییەکان و هتد، دەبنە ئاڵاهەڵگر و نوێنەری ئەو وڵاتە؛ لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین کە ڕۆژنامەوانانیش وەک ڕووناکبیرانێک لە کۆمەڵگای شارستانیدا کە لەسەر زانیاری، بەڵگە و دەنگوباسی زانستی کار دەکەن وەکوو ئەوان، گرنگییەکی بەرچاویان هەیە و دەبینین کە لە زۆرینەی ڕۆژنامە ڕێگەپێدراوەکانی دونیا، توێژەران و بیرمەندان ئەستوون و وتاری خۆیان هەیە و هەر ئەو نووسینانەش دواتر دەبن بە دەقی خوێندن لە زانستگاکان و درووستکردنی گوتاری هزری-فەلسەفیی سەردەم[3] لە کۆمەڵگەدا و هەرچەندە ئاســـتی زانیاری و چەمکەکانیتری ژیان لە کۆمەڵگەدا پێشبکەوێت، بایەخدان بە کاری بەچاندکردنی زیاتر دەخوازێت و بەڵگەی تێگەیاندنی جەماوەرە. لەم چەرخەدا گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان و داب و نەریتی ڕەسەن، ئێستا بە مەزنترین تەوەری لێکۆڵینەوە لە زانستگاکاندا دادەنرێت.

**ڕۆژنامەوانیی کوردی**

ژیانی مرۆڤەکان پێویستی ڤە پێوەندییە و کۆمەڵگەی ئێستا[4]، کۆمەڵگەیەکە کە ڕاگەیەنەرەکان خاوەن حوکمن. هاتنی ڕاگەیەنەرە نوێکان دەتوانرێ ســـەرەتایەک بێ بۆ بە ئاکام گەیشـــتنی چەندلایەنەبوونی واتا جیاوازەکانی ناســـنامە. ڕۆژنامەوانیی کوردی بە مەبەســـتی پارێزگاری لە فەرهەنگی پاراوی کوردی، بە بڵاوەکردنەوەی بابەتی بەنرخی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی و دانانی ناوەڕۆکی بەپێز و پێویســـت، بۆ بردنەســـەرەوەی ئاســـتی زانســـت لە کوردەواریدا، دەتوانێت سەرنجی هۆگران و پسپۆڕانی ئەو بوارانە بۆ لای گۆڤارە ڕابکێشین و لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەشی بکات.




یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی "*کوردســـتان*" لە قاهیرە لەســـەر دەســـتی مێقداد مەدحەت بەدرخان و بنەماڵەی بەرخانییەکان، ئەژ ساڵی ١٨٩٨ زایینیدا دەسپێدەکات و ڕۆژنامەوانیی کوردی پاش سەدەیەکی پڕ هەوراز و نشێو خۆی گەیاندووەتە ئاستی دامودەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی و لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت ئاستی زمانێکی هەمووانەکیی ژیانمان. ڕاگەیەنەری کوردی لە درێژەی ١٢٢ ساڵ تەمەنی پڕکێشە و ئاڵۆزاویدا شێوازی جیاوازی بە خۆوە بینیوە و دەرێکی فرەڕەهەندی گێڕاوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" تا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام دەبێت و ٣١ ژمارەی لێ بڵاو دەبێتەوە و لەو ماوەدا زۆر کۆسـپ و چەڵەمەی بەســەر دێت و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامە ناچار دەبن چەند جار شـــوێنی دەرچوون و وڵاتی بڵاوکردنەوەکەی بگۆڕن

3. Philosophical-rational discourse.
4. Modern society.

(مستەفا، ئاسۆی ڕۆژ، ٢٠١٢) ڕۆژنامەی "کوردستان" تاکوو ڕادەیەک لە درێژەی ڕەوتی بەرهەمهێنان، نڤیساری گونجاو و تێکۆشانی فەرهەنگی‌دا هەنگاوی هەڵێنا و بووە مایەی دڵخۆشی و شانازیمان و چەند دەسکەوتی بووە، کە گرنگترینەکانی بریتییە لە:

-ئاگادارکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ هەندێک چەمک و واتای ڕامیاری و ڕووناکبیرانە.

-شیکاریی بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەردەمی داگیرکاری[5].

-پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەی ڕووناکبیران و ڕۆژهەڵاتناسان و تاکوو ڕادەیەک وەبەرچاو خستنی کێشەی کورد لە گوتاری فەرهەنگی-سیاسیی چاپەمەنییەکانی دەرەوەی کوردستان.

-دەمەزراندنی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیرانە لە گوتاری وێژەیی-چاندیی کۆمەڵگە.

- تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژوو و دواتر کار لە هەرێمی وەرگێڕانی کوردی‌دا.

ڕاگەیەنەرە کوردییەکان لە هەموو کوردستان‌دا کەم یان زۆر و دێر یان زوو، هەبوونە؛ بۆ وێنە کوردەکانی باکوور لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی ڕەگەزپەرەستی[6] عوسمانی، چەندین ڕێکخراوەی فەرهەنگیان کردەوە و بۆ زانیاریی و ئاگادارکردنەوەی خەڵک ڕۆژنامە و گۆڤاریان لە چاپ دا. دەستەیەکی تر لە کوردەکانی تاراوگە لە وڵاتی ئینگلیزدا بە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی *Med Tv* لە ساڵی ١٩٩٥، کە یەکەمین تەلەڤزیۆنی کوردیی مێژووی کوردستان بوو، سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێنا؛ هەر لەو پێناوەدا پرۆفیسۆر حەسەنپوور ناوی "دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە ئاسماندا"[7] لێ ناوە. (حەسەنپوور، ١٩٩٨، ٦٢). وەکوو تەلەڤزیۆن، ئینتێرنێتیش ئەم تایبەتمەندییەی هەیە کە کەوشەنی دەوڵەت-نەتەوە تێپەڕێنێت و شۆناسەکانیش هان دەدات کە لە شۆناسی تایبەتەوە بەرەو شۆناسی نێونەتەوەیی و نێو-ناوەندی هەنگاو بنێن. ئەوە ڕوونە کە ڕۆژنامەوانی پیشەیەکی ڕوو لە گەشەیە و ڕۆژلەدوای‌ڕۆژدا چەنی پێداویستییەکانی بوارە جیاجیاکانی خەڵک، خۆی نوێ دەکاتەوە و هەر کەسێک دوور لە حوکمدانی نازانستیی و هاوسەنگانە بیر بکاتەوە، ئەو ڕاستییە سانایە دەزانێت کە کتێبیش هیچکاتێک ناتوانێت جێگەی ڕۆژنامە بگرێتەوە، وەک چۆن حەوتەنامە و ڕۆژنامەش پێگەی گۆڤار پڕ ناکاتەوە، چونکوو هەر یەکیان مەوژ و گەلاڵەیەکی تەواو تۆفیریان هەیە؛ بەلاڤ ئێمەمانان بە پێچەوانەوە، لەم دەرفەتە بەرفراوانە کەمترین کەڵکی پێویستی لێ‌وەردەگرین و شێوەیەکی وەها داهاتوویەکی تەمومژاویی لێ دەبێتەوە و بۆ هیچکەسێک بەهەند وەرناگیرێ.

ڕۆژنامەوانیی ئازاد، هاوشێوەی ئۆکسیژنە بۆ گەلمیری[8] و ڕێکخراوە زانستییە سەربەخۆکان و ڕاگەیەنەری سەربەست[9]، وەک ئامرازێک دەبنە هەوێنی سەرهەڵدانی وشیاریی پتەوتری ڕووناکبیری و ئاوەزمەندی و پاشان لەدایکبوونی هێز و ویستی ڕێکەوتن بۆ تەڤگەری فەرهەنگی و جڤاکی. من کاتێک دڵم بە لەدایکبوونی دەزگایەکی ڕاگەیاندەری نوێخواز خۆش دەبێت و دەتوانم دەسخۆشیی لێ‌بکەم کە نەبێت بە سێبەرێک لە خزمەت و ڕیزبەندی ڕێکار و بەرژەوەندییەکی ڕامیاری، حیزبی و مەرامی تاکەکەسی. لێرەدا ژ گرینگی و تایبەتمەندیی ڕۆژنامەگەریی

5. Colonialism.
6. Fascistie.
7. The nation in the sky.
8. Democracy.
9. Independent media.

هەڤچەرخی کوردی دەبێ ئەوە بڵێین کە ئامانجی هەرە سـەرەکیی گۆڤار لە کوردەواریدا دەبێ لە ناوەڕۆکدا لانیکەم لە بەرامبەر ئەڤ چەند خەڵەدا بەرپرس بێ:

-ئاستی وشیاریی خوێنەر بەرز بکاتەوە و بڕواهێنانیان بە هەندێ هەڵویست و هەڵسەنگاندن دەستەبەر بکات.

-هەبوونی وتاری چڕ و پڕواتا کە لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بدوێ، پرسیار و جموجووڵێک لە هۆش و هزری خوێنەردا بورووژێنێت و وای لێ بکات لەنێویدا بەدوای وڵامدا بگەڕێ یان چاوەڕێی بەرسڤی گونجاوی بکات.

-خستنەڕووی بیروڕایەکی داهاتووبینانە.

-جوانکاری لە داڕشتن و دەربڕینیدا هەبێ و گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک مەبەستی بێ.

-هاندەربوون و پشتئەستووربوون بۆ زانست و فێرکردن و ئافراندنی بیری داهێنەرانە پەی گەیشتن بەو دەرەنجامە کە پێی دەڵێن "داهێنانی هزری".[10]

**زمان، وێژە و ڕاگەیەنەری کوردی**

نزیکەی دوو سـەدە لەمەو پێش نالی (کۆچ ١٨٨٥)، شـاعێرێکی کورد لە ناوچەی شـارەزووری باشـووری کوردسـتانی ئەمڕۆکە، لەوە تێگەیشتبوو کە نووسین دەتوانێت چ هێزێک بداتە مرۆڤ:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە

ئەحمەد خانی لە سـەرەتای بەرهەمەکەیدا، واتا "*مەم و زین*"، کاتێک باسـی هەڵبژاردنی زمانی کوردی دەکات نڤیسکارانی هاوچەرخی خۆی بە بۆنەی چاوپۆشین لە زمانی کوردی لۆمە دەکات؛ ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە زمانی کوردی دەورێکی زۆر گرنگی هەیە لە بەهێزکردنی ناسـنامەی کوردی. لەم بابەتەوە، سـەبارەت بە گرینگیی خوێندن و نووسـین بە زمانی دایکی، سـێ خاڵ دەخەینەڕوو: زمان هۆکارە بۆ چاندی هاوبەش، هەسـت و لێکنزیکبوونەوە یان پرۆڤەی تێگەیشـتنێکی زیاتر و سـەرنجڕاکێشتر لەوەش پاراسـتنی خاکی هاوبەش و بەردەوامبوونی. هەروا کە دەزانن هەندێک کۆسپ لەسـەر ڕێگای پەرەپێدانی خوێندنەوە بە زمانی کوردی و ڕاهێنان و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەم جەماوەردا هەیە، بەڵام خەبات لەو گۆڕەپانەدا بوێری دەوێت. تاکوو ئەم دواییانەش لەڕووی ناوچەیی، سـیاسـی و زمانییەوە کوردەکان لە یەک بڕاون. ئەم لەتلەت کراوبوونە پێوەندی و ئاڵوگۆڕی هەواڵی لە نێو کوردەکاندا دژوار کردبوو. هەتاکوو کەمتر لە بیسـت سـاڵی لەمەوپێش چەندین مانگی دەخایاند تاکوو ئەو هەواڵە گرنگەکانی کوردسـتان لە ناوچەکانی خۆیدا بڵاو بێتەوە. بیرد،[11] لە پاش گەڕان لە نێو کوردسـتاندا لە سـاڵی ٢٠٠٢ ماچۆ: "*کوردەکان لە زۆر ئاسـتدا لێکبڕاون.. بەڵام نها، کە تێکنۆلۆجیای مۆدێرن، هاوڕێ لەگەڵ گوشـارەکان، هەموو شـتێکی گۆڕیوە. کوردەکان ڕەنگە بەرواڵەت و لە جەسـتەدا نەتەوەیەکیان نەبێ، بەڵام لەگەڵ جووڵانەوەی هەسـتی شـۆناسـی نەتەوەیی، لە دونیای ئەلیکترۆنیکدا دەوڵەتێکی نەتەوەییان هەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە چەندین ساڵ دواتر یەکگرتوویەکی گشتگیری کوردی لێبکەوێتەوە.*"

10. Innovative thought.
11. *Journeys in Persia and Kurdistan*, Volume 2, by Isabella L. Bird, 1891.

له ساڵی ۱۸۹۰ دا حاجیقادر کۆیی، که ڤه بڕوای زۆر کەس یەکەمین ناسیۆناڵیسمی مۆدێرنی کورد بووە، بە وریایی لە دەوری چاپەمەنی لە نەتەوەسازی ئاگاداربووە:

سەد قاعیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پووڵێ

ڕۆژنامە و جەریدە کەوتووەتە قیمەت و شان

بە پێچەوانەی تێگەیشتن لە بایەخ و گرنگیی نووسین و چاپەمەنی، هەتا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەی خایاند کە یەکەمین گۆڤاری کوردی سەر هەڵبێنێت (شێخولئیسلامی، ۲۰۱٤، ٤۹). چاند و بزۆتنەوەی وێژەیی-زمانی لە پێناو ڕۆژناڤەوانیدا شێوێنی گونجاوی هەیە؛ ناکرێ باس لە پەروەردە و خوێندن بکەین، بێ ئەوەی بیر لە چاپەمەنی و بوارەکانیتری نەکەینەوە. لە لایەکەوە وەک هەنگاوی یەکەمیش دەمەوێ تیشک بهاویشمە سەر ئەم دەرفەتە زێڕینە کە گۆڤاری کوردیی سەربەخۆ بۆمانی ڕەخساندووە و مسۆگەری کردووە و بێگومان بۆ کۆڵەکەبوون و داڕشتنی دەقی زانستی بە زمانی کوردی و کۆڵینەوە لەسەر ئەدەب، دیرۆک و هتد، و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بەپێز، قورسایی تایبەتی هەیە. هەروەها کە دەزانن کوردەکان بە زاراوەیەکی جیاواز لەگەڵ یەکدا دئاخڤن. کار لەسەر فێرکاری و تێگەیشتن لە فەرهەنگ و زمان و وێژە، هەموو لە ئەستۆی شارەزایان و تامەزرۆیان و هۆگرانی بوارە جۆراوجۆرەکان و لە سەردەستی زانستگا و ناوەندە زانستییەکانە کە وەک سامانێکی گشتی، بەشێوەی تایبەتمەند بەدوایدا بچن و ئاڵاهەڵگری ئەو گۆڕەپانە بن. لەم بابەتەوە هەر شێواز و زاراوەیەک دەتوانێت هێمای سووچێک لە ڕابردوومان بن و هەرکامیان پێڤاژۆ و دەورێکی شەمەند و بەرچەمیان لە ناساندنی نەتەوەکەمان هەیە؛ دەبێ بەگشتی و بە هەموو زاراوەکانەوە زمانمان بپارێزین، لە زمانی ئاخافتنیشدا لە گشت زاراوە جیاوازەکان کەڵک وەربگرین و بەرچاوتەنگ نەبین و گەر هەموو شتێکمان بکەین بە کوردیی یەکگرتوو (لێرەدا مەبەست زاراوەی سۆرانیی ناوەڕاستە)، زاراوەکان لەناودەچن و بێئەمەگییە و دواتریش لە نووسیندا کەس ناتوانێت بەلێشاوی ئەسپی خۆی تێدا تاوبدات. جگە لە فەرهەنگی گەلی[12]، هەندێک لە زاراوە و بنزاراوە ڕەسەنەکانی زمانی پاراوی کوردی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە ڕەنگە بسڕدرێتەوە؛ بەس دەبێ ئاگاداری ئەوە بین و تێبگەین کە لە دانانی زمانی ستانداردا، مافی دەبێ زاراوەکانی تریش بە تەواوەتی ڕچاو بکەین، مامۆستا هەژار وتەنی، لە دانانی زمانی ستاندارد نابێ دەمارگرژی تێدا بێ کە هی ئێمە درووستە و ئەوانیتر نا!. دەبێ بۆ بەرگری لە کێشەی لەناوچوون لە هەموو زاراوە کوردییەکان و وشە ڕەسەن و پەتییەکانی کەڵک وەربگرین و پەرەی پێ بدەین. بە ڕای ئەز ئەم کارە خزمەتێکی مەزن بە زمانی دایکییە و جگە لەوەش دەوڵەمەندکردنەوەی پەرتووکخانەی کوردییە؛ بۆ وێنە زاراوەکانی لەکی و لوڕی و هەورامی لە کۆڵەکەکانی زمانی ئێمەن و گەلێک پەیڤ و دەستەواژەی جوان و ڕەنگینیان تێدایە. شایانی باسە کە لەبەر ئەوەیکە بەشێکی بەرچاڤ لە شاعێران و نڤیسکاران و پسپۆڕانی بەبڕست لە زاراوە جیاوازەکانن، بۆیە بە بڕوای مە شیاو دەزانرێت ئەو ڕۆژەڤ و نووسراوانەی کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاگەیەنەرە کوردییەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، گشت دەڤۆکی دانیشتووانی زاگرۆس لەخۆ بگرێت و وەک مەڵبەندێک ببێتە دڵخۆشی و شانازیی هەموو مرۆڤێکی سەربەست؛ دیارە ئەرکی پیرۆزی ڕاگەیەنەر لە کۆمەڵگای کوردیدا وەک پێویستییەکی سەرەکییە بۆ مانی چاند، وێژە، مێژوو. حەسەنپوور (۱۹۹٥~۲۰۰٤) لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ڕاگەیەنەرە مۆدێرنە کوردییەکان و ناسنامەی کوردیدا

---

12. Folklore.

لەو باوەڕەدایە کەناڵ و ئنتێرنێت و بەگشتی هەموو ڕاگەیەنەرە کوردییەکان بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت (وەک کورد) کە زمان و فەرهەنگی لە مەترسیی لەناوچووندایە، بایەخێکی بەر زی هەیە.

**دەرەنجام**

بایەخدان بە لایەنی کولتوور، بە ئەنجامی ئەو چەند ڕشـــــتە کۆتایی نایەت؛ چونکوو گەلی زاگرۆس، لە بنەڕەتەوە لە خەرمانی گەورەی ڕامیاری و ئابووریدا بێبەش کراوە، و دەبێ گەنجەکانمان خزمەتی نیشـــــتمان بکەن و بیرمەندان و تۆرەڤانان نەخشـــەی تۆکمە بۆ داهاتووی نەتەوەکە دابڕێژن و پتر توێژینەوەی و کاری لەســـەر بکەن. زمان و وێژە لە پێناو ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ بزووتنەوەی ســــــیاســــــی پێوەندییەکی قووڵی هەیە، کەواتە با کورتی بیبڕینەوە، جوور ڕاپەڕینێک ئەرکی هەر لایەن و پێکهاتەیەک هەوڵدانە لەم ڕێگەدا؛ ڕاســتییەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە لە ئاکامی تەوژم و ڕێســـــــاکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی پێشـــــــوودا، ڕۆژهەلات تاکوو ڕادەیەک ڕووبەڕووی تووانەوەی زمانی-فەرهەنگی بووتەوە[13] و دەرەتانی گەشـــەی لێ بەرتەســک کراوە. لەم چاخە درێژ و ڕەشـــەدا ڕۆژلەدوایڕۆژ کە زمانی باڵادەســت لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاوێتە دەبێ و ڕێبازە فەرهەنگییە باڵادەســــــتەکان بە هەموو لایەن و قەوارە نەرێنییەکانی خۆیانەوە وردەوردە بوونەتە پاژێک لە فەرهەنگی کوردی. لە ئاکامی ئەوانە و هۆکاری دێرینەی ئایینیدا، شـــــوناســـــی نەتەوەیی کورد تووشــی شــێواوییەکی فرەلایەنە بووتەوە و تەگەرەی فرەچەشــنی خراوەتە ســەر. گەرچی لە ئێســتا ڕۆژنامەگەری لە کوردســـتان، لە دۆخێکی خراپدایە، بەڵام بەگشـــتی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیەنەری ســـەربەخۆ دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ بەرزڕاگرتنی ئاســـتی زانیاری و پەرەپێدانی کەمینەی شـــۆناســـی و زمانی و ئەدەبیی کوردی. گەر بەرهەڤێکی وەها بتوانێت لێهاتووانە و کاریگەرانە ڕازیبوونەوە بە تاککەســـان، خەڵک و خوێنەرێک بهێنێ، ئەو ڕەوتە لە داهاتوودا زانســـتیتر ڕەگاژۆ دەکات و بە پاڵپشـــتیی خاوەن ڕایان و کۆمەڵەی زانســـتدۆســـت و دڵســـۆز دەتوانێت بەردەوام و ماندوونەناســـانە تێیدابکۆشـــێت تاکوو ئاکامێکی خاســـتر بەدی بێ. هەڵوێســـت، ڕوانگە و بۆچوونی مە پاڵپشتیی لەو بەڕێزانەی کە لایەنگری ڕۆژنامەوانین و ئەمەش هاندەرە و تین و توانای ئەندامان و بەڕێوەبەرانی پتر و سەرکەوتنی ئەو پرۆژە پیرۆزە مسۆگەرتر دەکات.

13. Linguistic and Cultural Assimilation.

**سەرچاوەکان**


١-حسن‌پور، امیر (١٣٨٣). "*تکوین فرهنگ رسانه‌ای کُرد*"، ترجمه‌ی کمال خالق‌پناه و آرام کریمی، گاهنامه سیاسی، اجتماعی و فرهنگی نویسا، شماره ٢.

٢-ژوبیان، سامی (٢٠٠٩)، "*دەروازەیەکی تیۆری و پراکتێکی بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەگەیاندن*"، وەرگێڕ هاوژین عومەر، هەولێر، موکریانی.

٣-رضایی، احمد، محمدی، نریمان (١٣٩۴)، "*رسانه مدرن و برساخت هویت: کانال‌های ماهواره‌ای کُردی و هویت قومی کُرد های ایران*"، فصل‌نامه توسعه اجتماعی (توسعه انسانی سابق)، دوره ٩، شماره ٣، صفحات ٧٩-١١۴.

۴-سیدو آیدوغان، ابراهیم (١٣٩٧)، "*ادبیات از طریق مطبوعات: ظهور راهی جدید در کُردی*"، ترجمه علی پاک‌سرشت، تشریه هونه، سال ١، شماره ٢.

٥-شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠١٤)، "*میدیای دیجیتاڵ و شوناسە نەتەوەییەکان*"، وەرگێڕانی موحەممەدجانی، گۆڤاری زرێبار، ساڵی هەڤدەهەم، ژمارەی ٨٣ و ٨٤.

٦-کوردانە-پەرتووک (٢٠١٤)، "*سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن*"، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ل ٤٥٩، کتێبی دووهەم: نووسراوەکان، چاپی هەولێر.

٧-مستەفا، "*میراتی بەدرخان*"، [وتار]. ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژ، جۆزەردانی ٢٠١٢.
[Online]. Available ‹http://www.asoyroj.com/details.aspx?=News&ID=5849&Babat=8 (Accessed on 20th, April 2020).

٨-موحەممەدحوسێنی، ئیبراهیم (٢٠١٤)، "*ئاخۆ ڕۆژنامەوانی کوردی، پرۆفیشناڵە؟*" گۆڤاری زرێبار، ساڵی هەڤدەهەم، ژمارەی ٨٣ و ٨٤.

٩-یاری، زانکۆ (١٣٩٨). "*بزووتنەوەی زمان و وێژە لە پێناو ڕۆژنامەڤانی‌دا*"، وەرزنامەی چلچەمە، ساڵی یەکەم، ژمارەی ٢.